# بەرنامەی پیشەی دەستی

ئایا حەزدەکەیت کارێکی جوان بکەی کە دەستەکانت بەکار بینی؟
ئایا حەز دەکەیت بەدەست پێکردن لە کۆمپانیایی تایبەت بەخۆت لە ئایندە؟
ئایا حەزدەکەیت تاقیکردنەوەی کار لە کاتی خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی بکەی؟
ئایا دەتەوێت فێرببی بە شێوازی تیوری و پراکتیک وەکو یەک؟
ئایا دەتەوێت لە سەر هونەرە پیشەیی یە کۆنەکانی دەست بمێنی؟
کە واتە لە وانەیە بەرنامەی پیشەی دەستی بۆ تۆ گونجاوبێت.

لە بەرنامەی پیشەیی دەستی فێری خزمەت، بەرپرسایەتی، ئابوری، بازارکاری و بەردەوامی لەگەڵ خەلک دەبی، پێویستی بە مانە هەمووی دەبی ئەگەر هات و ئایا حەزدەکەیت کاربکەی لەگەڵ پیشەی دەستی لە ئاییندەدا. بەلام ئەگەر بەرنامەی پیشەی دەستیت هەلبژارد لەوانەیە گرنگیدانی تایبەتت هەبێ کە ئایا حەزدەکەیت  گەشەی پێبدەیت و پسپور بی تێدا. لە بواری بەرنامەکە پیشەی دەست و هەستت بەرامبەر رەنگ و شێوە پێش دەکەویت.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر هاتوو بەرنامەی پیشەی دەستت هەلبژارد لە وانەیە بتوانی لە دوای کارێک بگەرێی یەکسەر دوای قوتابخانەی دواناوەندی. کارەکە لە سەر ئەو تایبەتمەندیە کە هەلتبژارتووە دەوەستێت، هەروەها ئەو خولانەی خوێندن کە خوێندوتە، و باری بازار دەربارەی پیشەی دەستیت و چەند شارەزاییت لە کارەکەت دا هەیە. زۆر جار دەستەکەی بەکار وەکو مەشقپێکراوێک لەسەر پیشەکە بۆ ماوەی سالێک یان چەندین سال. مووچەی مەشقپێکراو لەسەر پیشەت پێدەبەخشری و کاردەکەیت لەگەڵ کەسانی مومارس لە پیشەکە تا لیانەوە فێر بیت. چونکە ئەم کەسانە شارەزایی تایبەتیان هەیە وکاردەکەن لە بواری تایبەتی یەکەت بۆ ماوەیەیکی درێژ.

بو ئەوەی هەلیکت دەست بکەوێت بو کارێکی پیشەیی لە بواری گرنگیپێدانت، لەوانەیە پێویستت بە بەردەوامبوون بە خویندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی هەبێت. دەتوانی لە نێوان خوێندن لە پەیمانگای پیشەیی بالا یان پەیمانگەی خوێندنی بالا هەلبژێری. ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی تایبەت کە بەناوبانگن و خاوەند خولەکانی خوێندنی تایبەتن و لەوانەیە زەحمەت بێ کورسیەکی خوێندنت دەست بکەوێت.

پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردنی پیشەیی لە سەر خۆلەکانی قوتابخانەی دواناوەندی بکە کە پێویستە لە سەر تو هەلیبژێری بو ئەوەی بتوانی پێشکەش بەو خوێندنەوەیە بکەی کە دەتەوێت.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەست بێنی

نموونە بو کارەکانی پیشەی دەستی وەک دروستکردنی بەلەم، سەرتراش، فروشتیاری گولەکان، پوفکەری شوشە، زەرنگەر، نەخشەکێشی جل و بەرگ، دارتاش، دروومان، چارەسەری کاتژمێر.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی پیشەی دەستی پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک  لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی پیشەی دەستی. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەی پیشەی دەستی هیچ بواری تایبەتی نیشتمانی نیە. بە واتا کە هەموو قوتابخانەکان دەتوانن پسپوری تایبەت بە خویان دانەن. پرسیار لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە کە ئایا لە کوێ دەتوانی خوێندنی پیشەی دەستی کە جێگای گرنگی پێدانتە بخوێنی.

## پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی

لە بواری بەرنامەی پیشەی دەستی دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی لە کاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی بکەی. بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن (APU).لە شوێنی کارکردن فێری مومارەسی پیشەی دەبی کە هەلیبژاد و چی پێویستت هەیە بۆ باشکرنی لێهاتوت کەوا بە زەحمەت فێری ببی لە قوتابخانە. مەشق کردن لە جیگای کارکردن ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی بەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

## ئایندە و هەلی کار

زەحمەتە بلێین کەوا ئاسان یان زەحمەت دەبیت بۆ تۆ کەوا کارێک بەدەست بێنی کاتێک لە خوێندنی بەرنامەی پیشەی دەستی تەواو دەبێ. ئەمەش بە پلەی یەکەم لە سەر ئەو پیشەیەی کە هەلبژارتووە دەوەستێت. دەبێت خۆت ئامادەبی بو گواستنەوە یان رویشتن بو شوێنی  کار لە ناوچەیەکی دوور لە شوێنی نیشتەجێبونت بو ئەوەی کارێک بەدەست بکەوی. و لەوانەیە کومپانیای تایبەت بە خۆت دەست پێ بکەیت لە دوای قوتابخانەی دواناوەندی. و لەوانەیە کومەلێک یان رێکخراوێک هەبێت کاربکات لە هەمان بواری کارەکەت دەتوانی پەیوەندی یان پێوە بکەی .پرسیاریان لێ بکە لە بارەی دۆخی بازار!